No:4

مەگەزین

# پۆلیتەکنیك

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەریدەکات



أصدر أول صحيفة كوردية باسم (كوردستان) في القاهرة بتاريخ ١٨٩٨/٤/٢٢، إذ طبع منها ٣٠٠٠ نسخة.

ص٩٠



كردستان

١٣١٥

## مافی بەشداری پێکهاتە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا

لا ٦

## (دادگای باڵای فیدراڵی عێراق) و پێشێلکاری لە ماددە دەستوورییەکانی بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان

لا ٨



## أهمية التبادل الطلابي والاتفاقيات بين الجامعات العالمية

ص٨٦

www.epu.edu.iq

# هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان - لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن




**پ.ی.د. کاوە یاسین سلیم**

**دکتوراە لە یاسای گشتی**

مامۆستا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر


یەکەم: لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان، چەند نموونەیەک لێرە دەخەینە بەردەست:

١- هەمواکردنی یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە 111 ی ساڵی 1969، لە ساڵی 2001، یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2001، پەرلەمانی کوردستان ماددەی377 بڕگەی 2 لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 ی هەموارکراوی هەرێمی کوردستانی لە کارخست، کە لە دەقی ماددەکەدا هاتووە: (ئەگەر پیاو لە ماڵی هاوسەرێتی زینا بکات بەهەمان سزا سزا دەدرێت، کە لە بڕگەی 1ی ماددەی 377 دا هاتووە)، واتە پیاو ئەگەر لە ماڵی هاوسەرێتی زینا بکات سزا دەدرێ، ئەم مادەیەش جیاکاریەکی ئاشکرایە لە نێوان ئافرەت و پیاو لە دیاریکردنی سزاکاندا، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان ئەو ماددە و بڕگەیەی هەموار کرد بەم شێوەیە: (مێردی زیناکار و ئەو ئافرەتەش، کە زیناکەی لەگەڵ پیاوەکەدا کردووە هەر بەو سزایە حوکم دەدرێ، کە لە بڕگەی 1ی ماددەی 377ی یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969 ی هەموارکراودا هاتووە).

٢- هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عیراقی ژمارە 188ی، 1959 لە ساڵی 2008، ژمارە (159 ی ساڵی 2008: ئەو بڕگەو مادانەی لەپێناو گێڕانەوەی مافەکانی ئافرەت لەیاسای باری کەسێتیدا هەموارکران.

گۆڕانکاری یەکەم/ دانانی مەرجەکانی فرەژنی: ماددەی سێیەم/ دووەم

أ- لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەرگیری یەکەم لەسەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ.

ب- توشبوونی ژنەکە بە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سەلمێنراو، ڕێگە لە کاتی سەرجێیی ئافرەت و مێردایەتی بگرێ و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ، یاخود نەزۆک بێ، کە بە ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتی پزیشکی سەلمێندرابێ.

ت- ئەو پیاوەی ژنی دووەم دێنێ، توانای دارایی وای هەبێت، کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات و ئەمەش دەبێ بە بەڵگەنامەی فەرمی بیسەلمێنێ و لە کاتی ڕێکاری گرێبەندی هاوسەرگیریەکەدا پێشکەش بە دادگای بکات.

ث- دەبێ مێردەکە لەبەردەم دادگا بەڵێننامەیەک بە نووسین لە گرێبەندی هاوسەرگیری پێشکەش بکات، بە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هەردوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێیی هاوسەری و پەیوەندیەکانی دیکەی هاوسەرگیری لەڕووی (ماددی و مەعنەوی) یەوە.

ج- نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیری دانابێ، کە هەوێی بەسەر نەیەت.

ح- هەرکەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ زیاتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەریەک لە بڕگەکانی ئەم ماددەیەی کرد، حوکم دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر و لەساڵێکیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەی دە ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.

خ- نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایەی، کە لە بڕگەی (ح) دا هاتووە ڕابگرێ.

گۆڕانکاری دووەم/ ئافرەت و پیاو لە شایەدداندا یەکسانن لە یاسای باری کەسێتی

مادەی شەشەم بڕگەی یەکەم/د "شایەددانی دوو شایەد، کە شایستەی شایەددانیان هەبێ بۆ گرێبەندی هاوسەرگیریەکە" لێرەدا ئافرەت و پیاو یەکسانن.

گۆڕانکاری سێیەم/ مافی تەڵاقدان بە ئافرەت